# وڵام

زەلامێک هێدی هێدی هەنگاوە وردیلەکانی هێواش دەکاتەوەوە و لە ئاست ئاگرە سوورە بەسۆزەکەی چەن پیاو رادەوەستێ:

- شەوتان باش
- ژیانت باش، بەخێرێی

یەکێک لە پیاوەکان کە لەوە دەچوو لە هەموویان بەتەمەنتر بێ بە دەم کۆخەیەکی پڕ لە ژان و ئێشەوە مێزەرەکەی دەهێنێتە پێشەوە و بە چاوە سۆما لێ بڕاوەکانی وردی زەلامەکە دەبێتەوە و دەڵێ:

- ها کاکی خۆم، بۆ کوێ دەڕۆی؟

زەلام کە چاک دەزانێ پاش وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ دەستی بنێتە گەروی پرسیارێکی دیکە تا ئەویش بخا بە لا دا دەڵێ:

- سەرمام بوو وسیتم لێرەدا خۆم گەرم بکەمەوە و تینێکم تێبێ.
- زۆر چاکە بەخێرێی، ناوت چیە؟
- چاک نازانم ناوم چیە؟!
- خوا رەحمت پێ بکا، یانی چی ناوی خۆت نازانی؟ مەگەر دەبێ؟
- هەر کەس هەرچی پێ خۆشە بانگم دەکا، بۆ خۆیشم گرینگ نییە!
- بیسملا!! هەر ئەمەمان نەدیبوو کە ئەمەیشمان دیت، باشە کوڕی کێی؟
- ئەویش نازانم

زەلام ئەمەی گوت و کابرا پیرەکە قاقایەکی سەیر دزێوی کێشا و بۆ چرکەیەک دەنگی قاقا ئاوێتەی دەنگی سووتانی دارە ویشکەکان بوو. ئاوێتە بوونێکی ناحەز، هەر وەک ئاوێتە بوونی دوو جەستە، دوو گیانلەبەر.

یەکێکیتر لە کابراکان بە چیلکەیەک ئاگرەکە دەخا بەم لاو لا دا دەڵێ:

- دەی گەر وابێ تۆ بەرەی گوناحە بەتامەکانی

تا ئەمەی گوت و سەری هەڵێنا ، کابرای زەلام رێگای شەقامی گرتبووە بەر و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- داخۆ دەروخێ؟ ئەی چۆن... ئەی چۆن... دەبێ بروخێ.

کابرای چیلکە بە دەس چاوی بە پەرتووکێکی دڕاوی کۆن کەوت کە لە زەلام بە جێ مابوو،هاواری کرد:

- کاکە کتێبەکەت
- ئەوەیش بەشی ئێوەیە، بۆ ئێوە

یەکیان کە دەیتوانی بنوسێ و بخوێنێتەوە ، پەرتووکەکەی کردەوە و بە جۆرێک کە دەڵێی لە زانکۆ بۆ خوێندکارەکانی گرینگترین کتێبەکە شرۆڤە دەکا، دەسی کرد بە خوێندنەوە و ڕەستەی یەکەمی کتێبەکەی خوێندەوە: (بە یاد بوسە های طویلە)
کە هات ڕەستەیەکی دیکە بخوێنێتەوە ، کابرا مێزەر بەسەرە پیرەکە جگەرەیەکی داگیرسان و گوتی:
- ئای یادی بەخێر، بە خوڵای لاوی خۆشە
- بۆ مامە حەمە لاوی خۆشە؟
- کوڕە چۆن دەڵێی بۆ خۆشە؟ بەشەرەف ئەوندە دەسگیرانم بوو ناوەکانیانم لێ تێک دەچوو.
کابرا چیلکە بەدەسەکە لە ئاگرەکە دوور کەوتەوە و لە تەنیشت مامە حەمە، لە سەر بەردێکی پان دانیشت و گوتی:
- ئەرێ مامە حەمە تا ماشێنەکەمان دێ بۆ چێرۆکی ژیانی خۆتمان بۆ ناگێڕیتەوە؟
پاش دوو سێ کاتژمێر لە ئاخاوتنی مامە حەمە ، ئاگرەکە لاواز ببوو و مامە حەمە هەر لە دوورەوە لە ئاگرەکەی دەڕوانی و لە پاشەرۆکی چیرۆکی ژینای گوتی:
- ئیدی سۆیبەم هێنا،سۆیبەیش قوقەی هیچ کەڵەشێرێکی نەبیستبوو. ئەرێ ئەو کتێبە چی دیکەی تێدا نووسراوە؟ دادەی بۆمان خوێنەوە
- کوڕە ئەمە کتێبی هەر کەسێ بووبێ ئەو کەسە شێت بووە!
- بۆ باوکم؟
- لە هەموو لاپەڕەکانی نووسراوە: داخۆ دەڕوخێ؟
مامەحەمە هەستایە سەر پێ و گوتی:
- ئەوە ماشێنەکەمان هات، هەستن،کوڕە دوور لە رووی تۆ بە جەهەندەم دەروخێ یان نا؟ بە ئێمە چی؟
- باشە مامەحەمە مەگەر تۆ دەزانی پرسیار لە چی دەکات؟
- نا نا نازانم بەڵام ئەوە دەزانم کە من رووخام،دەبێ ئەو دەعبایەش بروخێ.
فوئاد قاموسی
بەهاری ٢٧٠٧
سەقز